حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

RPPI

# ڕاپۆرتی ساڵانەی ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی و شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2022







بەشی ژمارەی پێوانەیی

ئایار 2025

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی پلاندانان**

**دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان**

# ڕاپۆرتی ساڵانەی ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی و شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2022

**بەشی ژمارەی پێوانەیی**

**ئایار 2025**

**© ئایار2025**
**مافی بڵاوکردنەوە پارێزراوە**
**لە کاتی وەرگرتنی زانیاری لەم ڕاپۆرتەدا، سوود لە سەرچاوەی خوارەوە وەربگرە**
**دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2025، بەشی ژمارەی پێوانەیی،**
***ڕاپۆرتی ساڵانەی ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی و شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی2022***
***بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە:***
**ئیمەیڵ:contact@krso.gov.krd**
**ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی: www.krso.gov.krd**
**ژمارەی تەلەفۆن: 0750 896 3143**
فەیسبووک:https://www.facebook.com/krso.gov.krd

زنجیرە: **108**

## پێش ووتار

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان هەمیشە لە هەوڵدایە داتای ئاماری جۆراوجۆر لە بواری کۆمەڵایەتی, ئابووری و دیمۆگرافی بۆ بڕیاردەران و سیاسەتوانان و توێژەران دابین بکات و بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە بەردەوام کاردەکات بۆ بەرەوپێشبردنی لێهاتوویی تەکنیکی و تواناکانی.

ئەم ڕووپێوە بۆ دووەم جارە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێ و بە ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوە, ئەم هەرێمە دەبێتە پێشەنگی ئەو وڵاتە عەرەبیانەی کە دوای تونس و سعودیە ئەم ڕووپێوەیان ئەنجام داوە. ئەم ڕووپێوە لەسەر ئاستی پارێزگاکان, ناوەندی پارێزگاکان و قەزاکان ئەنجامدراوە لەڕێگەی سەردانی مەیدانی تەنها بۆ شوێنی نیشتەجێبوون. بەهۆی جیاوازی نرخەکانەوە, ناوچەی نیشتەجێبوون دابەشکرابوون بەسەر سێ ئاستی ژیاندا: بەرز، مامناوەند و نزم.

ڕووپێوی ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی و شوێنی نیشتەجێبوون  بە شێوەی نیوەساڵ ئەنجامدراوە کە داتای نیوەی دووەمی ساڵی 2021 و نیوەی یەکەم و دووەمی ساڵی 2022 لە خۆ دەگرێتەوە.

هیوادارین جێبەجێکردنی ئەم ڕووپێوە لە هەرێمی کوردستان یارمەتیدەر بێ بۆ دەڵەمەندکردنی بناغەی ئامار و دابینکردنی نیشاندەر بۆ سوودمەندان چ لە  دامودەزگا حکومیەکان یان لە کەرتی تایبەت.

**سیروان محەممەد محیەددین**
**سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم**

# ناوەڕۆك


**پێش ووتار ........ I**

**لیستی خشتەكان ........ II**

**لیستی هێلكارییەكان ........ III**

**سوپاس و پێزانین ........ IV**

**تیمی ڕووپێو ........ IV**

**پێشەكی ........ 1**

**ئامانجی ڕووپێو ........ 1**

**سەرچاوەی داتا ........ 2**

**چەمك و پێناسەكان ........ 2**

**پۆلێنی ئاماری ........ 4**

**كێشكردن (گرنگی ڕێژەیی) ........ 5**

**پوششی ڕووپێو لە ڕووی شوێن و كات ........ 6**

**دەرنجامەكان ........ 8**

## لیستی خشتەکان

خشتەی 1: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی نرخی زەوی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق (ناوەند, باشور) بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 بە پێی ساڵبنەرەت ............................ Error! Bookmark not defined.
خشتەی 2: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی نرخی زەوی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق (ناوەند, باشور) بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2022 بە پێی ساڵبنەرەت............................ Error! Bookmark not defined.
خشتەی 3: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی نرخی زەوی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق (ناوەند, باشور) لە 2022 و 2021 بە پێی ساڵبنەرەت ................................ Error! Bookmark not defined.
خشتەی 4: ژمارەی پێوانەیی نرخی کەرتی نیشتەجێبوون لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 بە پێی ساڵبنەرەت...................................... Error! Bookmark not defined.
خشتەی 5: ژمارەی پێوانەیی نرخی کەرتی نیشتەجێبوون لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2022 بە پێی ساڵبنەرەت .................................... Error! Bookmark not defined.
خشتەی 6: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی نرخی کەرتی نیشتەجێبوون لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ ساڵی 2022 بە پێی ساڵبنەرەت ..................... Error! Bookmark not defined.
خشتەی 7: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی نرخی زەوی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022...................................................... Error! Bookmark not defined.
خشتەی 8: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی نرخی زەوی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2022 ........................................................................... 20
خشتەی 9: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی نرخی زەوی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ ساڵی 2022 ...................................................... Error! Bookmark not defined.
خشتەی 10: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 لە هەرێمی کوردستان و عێراق .................................. Error! Bookmark not defined.
خشتەی 11: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2022 لە هەرێمی کوردستان و عێراق ................................................................. 24
خشتەی 12: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2022 لە هەرێمی کوردستان و عێراق ......................................................... 26

## لیستی هێلکارییەکان

هێلکاری 1: ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2022 بە پشتبەستن بە ساڵبنەرەت ..... 8
هێلکاری 2: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان و عێراق (ناوەند, باشور) لە ساڵی 2022 و 2021 بە پێی ساڵبنەرەت........................................................................ 9
هێلکاری 3: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی سەدی گۆڕانی ساڵانەی نرخی زەوی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021 و 2022 بە پێی ساڵبنەرەت........................................................................ 11
هێلکاری 4: ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بۆ نیوەی یەکەم و دووەمی ساڵی 2022 بە پێی ساڵبنەرەت ........................................................................ 13
هێلکاری 5: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی سەدی گۆڕانی ساڵانەی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان و عێراق (ناوەند, باشور) بۆ ساڵانی 2022 و 2021........................................................................ 13
هێلکاری 6: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی سەدی گۆڕانی ساڵانەی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2022 و 2021 بە پێی ساڵبنەرەت ........................................................................ 15
هێلکاری 7: ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ ساڵی 2022 ............. 17
هێلکاری 8: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ ساڵی 2022........................................................................ 18
هێلکاری 9: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی سەدی گۆڕانی ساڵانەی نرخی زەوی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای جۆڵاو لە ساڵی 2022 ........................................................................ 19
هێلکاری 10: ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای جۆڵاو لە ساڵی 2022........................................................................ 22
هێلکاری 11: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان و عێراق (ناوەند, باشور) لە سەر بنەمای جۆڵاو لە ساڵی 2022 ........................................................ 22
هێلکاری 12: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە سەر بنەمای جۆڵاو لە ساڵی 2022........................................................................ 24

## سوپاس و پێزانین

بە پێویست دەزانین سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی فەرمانبەرانی دەستەی ئاماری هەرێم و بەڕێوبەرایەتییەکانی ئامار لە پارێزگاکان بکەین کە بەشداربوون لە سەرخستنی ئەم ڕووپێوە لە هەموو قۆناغەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، خشتە دانان، شیکردنەوە، و ئامادەکردنی ڕاپۆرت و بڵاوکردنەوە. هەروەها سوپاسی دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق دەکەین بۆ هاوکاریکردنیان بۆ تەواوکردنی ئەم کارە.

## تیمی ڕووپێو

**لیژنەی باڵا :**

- سیروان محەممەد محیەددین/ سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
- سامان عززەددین رەشید / بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای هەولێر
- شوان جەببار فەتاح / بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای سلێمانی
- چیاڤان عەبدلرەززاق سلێمان / بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای دهوك
- شەهلا هانی عەلی / سەرپەرشتیاری ڕووپێو / دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

**لیژنەی تەکنیکی و سەرپەرشتیکردنی ڕووپێو:**

- شەهلا هانی عەلی/ سەرپەرشتیاری ناوەندی/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

**شیکردنەوە و ئامادەکردنی ڕاپۆرت:**

- شەهلا هانی عەلی/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

**لیژنەی وردبینی و بڵاوکردنەوە :** دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

- هەدار حسو میرخان
- جێگر جەبەلی فەقێ یزدین
- سعاد بەکر فەقێ

- سەروین توفیق حەسەن
- ئاریان محەممەد
- چیمه ن برهان احمد
- دڵدار عەلی برایم

**تیمی مەیدانی:**

**بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر:**

- دلزار عارف جرجیس
- ئەحمەد بارزان جەلال
- ڕزگار عارف جرجیس
- ڕەشا قەیس محەممەد

**بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی:**

- ستار محەممەد ئولقادر
- چینەر فازل توفیق
- زانا جەزا سەعید
- حەیدەر ڕەسول محەممەد
- شەمال ڕەئوف محەممەد

**بەڕێوەبەرایەتی ئاماری دهوك**

- پەیمان ڕەسول عەبدوڵلا
- ئازاد حەسەن جاسم
- کوڤان جەمال زبێر
- محەممەد تەیب قاسم

## پێشەکی

خانووبەرە وەکو گەورەترین وەبەرهێنانی سەرمایەی خێزان و بوونی پەیوەندییەکی نزیک بە کەرتەکانی تری ئابوورییەوە ، ڕۆڵێکی گرنگی لە ئابووریدا هەیە. گۆڕانکاری لە نرخی خانووبەرەدا کاریگەری لەسەر هەڵاوسان و سیاسەتی دراو و سەقامگیری دارایی هەیە. ئەمەش وایکردووە چەند وڵاتێکی عەرەبی چوارچێوەیەک بۆ چاودێریکردنی نرخی جۆرە جیاوازەکانی خانووبەرە، وەک بینای نیشتەجێبوون و بازرگانی و زەوی دیار بکەن لە ڕێگای هەژمارکردنی ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە.

بۆ هاو ئاراستەبوون لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) کاری هاوبەش دەکەن بۆ پەرەپێدانی ئاماری هەمەلایەنە لە عێراق. ئەم هاوکارییە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێک لەسەر ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی و شوێتی نیشتەجێبوون (خانوو و شوقە) بۆ یەکەمجار لە ساڵی 2021 و ئێستا ڕاپۆرتی 2022 دەخەینە بەردەستی خوێنەرانەوە.

## ئامانجی ڕووپێو

1. چاودێریکردنی نرخی جۆرە جیاوازەکانی خانووبەرە بە تێپەڕبوونی کات،
2. دیارکردنی بەهای خانووبەرە وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی چالاکییەکانی وەبەرهێنان لە ئابووریدا،
3. سوودوەرگرتن لە ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە بۆ پێشبینی کردنی گەشەی ئابووری،
4. سوودوەرگرتن لە ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە بۆ بەکارهێنان لە سیاسەتی دراودا، بەتایبەتی لە کاتی جێبەجێکردنی سیاسەتی بە ئامانجکردنی هەڵاوسان،
5. سوودوەرگرتن لە ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە بۆ خەمڵاندنی بەهای خانووەکان وەک بەشێک لە پێوانەکردنی سامان،
6. نیشاندانی هێز و سەقامگیری دارایی و هەڵسەنگاندنی مەترسی لە سەر بازاڕ،
7. کەمکردنەوەی کاریگەری نرخی خانووبەرە لە سەر ژمێریاری نەتەوەیی،
8. یارمەتیدانی بەکاربەران لە بڕیاردان لەسەر کڕین یان فرۆشتنی خانووبەرەکانیان،
9. لەوانەیە لە هەژمارکردنی ژمارەی پێوانەی نرخی بەکاربەر جێگیر بکرێت،
10. بەکارهێنانی ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە لە بەراوردکاری نێودەوڵەتی.

## سەرچاوەی داتا

### میکانیزمی کۆکردنەوەی نرخی خانووبەرە

نرخەکان لە نوسینگەکانی خانووبەرە کۆدەکرێنەوە. لە سەرجەم شوێنە ئیدارییە هەڵبژێردراوەکان سەردانی سێ فەرمانگەی خانووبەرە دەکرێت. داتاکان لەسەر ئاستی قەزای ناوەندی و گەورەترین قەزا لەڕووی ژمارەی دانیشتوان و لە ڕووی هەمەچەشنی لە جۆری سەروەت و سامان ( زەوی ، خانوو، شوقە) و ئاستەکانی ژیان (نزم، مامناوەند، بەرز) کۆدەکرێنەوە. نرخی زەوییە سپییەکان (چۆڵەکان) لەسەر سێ ئاستی ژیان (بەرز و مامناوەند و نزم) بە ڕووبەری جیاواز کە بەسەر 11 ڕووبەری جیاواز پۆلێنکراوون کۆ دەکرێتەوە. هەروەها نرخی خانوو بەهەمان شێوەی زەوی بۆ هەمان ئاستی ژیان و ڕووبەر کۆدەکرێتەوە. کۆکردنەوەی داتا بۆ ئەو خانووانە کە پێش ساڵی 1990 و ئەوانەی پاش ساڵی 1990 دروست کراون ئەنجام دەدرێت. کۆکردنەوەی نرخی شوقە بە هەمان میکانیزمی کۆکردنەوەی خانووەکان دەبێت بەڵام بۆ حەوت ڕووبەری جیاواز .

نمونەکە لە نوسینگەکانی خانووبەرە هەڵبژێردرا کە نوێنەرایەتی هەموو یەکە کارگێڕییەکان دەکات بەپێی کۆمەڵێک گۆڕاو، وەک بەهای مۆڵك، ڕووبەر، جۆری کەرتەکە (نیشتەجێبوون/بازرگانی/کشتوکاڵی)، و جۆری مۆڵك لە کەرتەکەدا (پارچەی زەوی  نیشتەجێبوون/بینای نیشتەجێبوون/ڤیلا/شووقە/خانوو/پارچە زەوی بازرگانی/ بینای بازرگانی/ پێشانگا/ دوکان/ ناوەندی بازرگانی/ زەوی کشتوکاڵ) و شوێنی جوگرافیای مۆڵك (ناوچە/شار/ گەڕەک)، کە ئامانجەکانی پرۆسەی هەژمارکردنی ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە لە کەرتە جیاوازەکاندا بەدەست دەهێنێت و لەسەر بنەمای نیوە ساڵ هەژمار دەکرێت.

## چەمك و پێناسەکان

**ژمارەی پێوانەیی:** ژمارەی پێوانەیی وەک ژمارەیەکی ڕێژەییە کە گۆڕانکاری لە گۆڕاوێکدا یان چەند گۆڕاوێکدا دەپێوێت و یەکسانە بە ڕێژەی نرخی ئیستای گۆڕاوێک بە نرخەکەی لە ماوەیبنەرەتدا ، کە زۆرجار بە ڕێژەی سەدی هەژماردەکرێت.

1. **ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە:** ئامرازێکی ئامارییە بۆ پێوانەکردنی گۆڕانی ڕێژەیی نرخی خانووبەرە لە نێوان دوو کاتی جیاوازدا.
2. **گرنگی ڕێژەیی خانووبورە :** بریتییە لە ڕێژەی کۆی بەهای مامەڵەکان بۆ جۆرێکی دیاریکراوی خانووبەرە بە کۆی بەهای مامەڵەکان بۆ هەموو جۆرەکانی خانووبەرە لە ساڵی بنەرەتدا.
3. **ساڵی بنەرەت:** ئەو ساڵە یان ماوەیەیە کە وەک خاڵێکی دیارکراو  بەکاردەهێنرێت بۆ بەراوردکردنی نرخەکان لە ساڵان یان ماوەکانی تردا. لە کاتی هەڵبژاردنی ساڵی پایە،گرنگە دڵنیا بین لەوەی کە ساڵێکی ئاسایی و سەقامگیرە و دوور بێت لە ڕووداو و بارودۆخی لەناکاو وەک قەیرانی ئابووری و شەڕ. سەرەڕای

ئەمەش، ساڵیبنەرەت دەبێت تاڕادەیەک نزیک بێت لە ماوەی بەراوردکردن بۆ پاراستنی پەیوەندی و وردی. ئەم ڕووپێوە پشت بە ساڵی 2020 دەبەستێت وەک ساڵیبنەرەت، کە تێیدا ڕووپێوەکە بۆ یەکەمجار ئەنجامدراوە. نیوەی دووەمی ساڵی 2020 هەڵبژێردراوە وەک ساڵی پایە.

4. **ساڵی جۆڵاو :** ئەو ساڵەیە کە بەراوردکاری لە نێوان دوو نیوەکەیدا دەکرێت کە بە بنەمای جولاو ناسراوە. واتە نیوەی دووەمی ساڵێک بە بەراورد لەگەڵ نیوەی یەکەمی هەمان ساڵ، هەروەها بەراوردکردنی لەگەڵ ساڵی پێشوو. ئەمەش بەو واتەیە دێت کە ساڵ هەم لەناو خۆیدا و هەم لەناو ساڵانی پێشوودا لە جوڵەدایە.

ئەم ڕووپێوە لەسەر بنەمای ساڵی بنەڕەتی 2020 بووە کە ئەو ساڵەیە کە بۆ یەکەمجار ڕووپێوەکە دەستیپێکرد. ئێمە نیوەی دووەمی ساڵی 2020 وەک ساڵی بنەڕەتی وەرمانگرت و دواتر بەراوردمان کرد لەگەڵ ساڵی 2021، پاشان بنەمای جولاومان بەکارهێنا، وەک چۆن نیوەی یەکەم و نیوەی دووەممان بەراورد کرد، بە بنەمایەکی جولاو بۆ ساڵی 2021 ، لە ساڵی 2022 دەستمان کرد بە بەراوردکردنی نیوەی دووەمی ساڵی 2021 لەگەڵ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، پاشان بەراوردکردنی نیوەی یەکەمی ساڵی 2021 و ساڵی 2022 لەگەڵ نیوەی دووەمی ساڵی 2022.

### هەژمارکردنی ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە

بۆ هەژمارکردنی ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە, ئەم هاوکێشانەی خوارەوە بەکارهاتوونە:

1. شێوازی جیڤۆنس (Jevons): شێوازی جیڤۆنس بۆ ئاستی سەرەتایی (گرۆپی خوارەوەی کاڵا و بابەتەکان) و کۆرت ماوە (ماوەی سێ مانگی) بەکار دێت. داتاکان لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی دیاریکراو لە یەکەم سەردانکردندا کۆکراینەتەوە.

2. شێوازی لاسپێرێس (Laspeyres): بۆ هەژمارکردنی ئاستە بەرزەکان (گرۆپی سەرەکی کاڵا و بابەتەکان) بەکاردێت. کێشەکان لە ساڵی 2021 دیارکراوون.

## پۆلێنی ئاماری

پۆلێنکردن وەک کۆمەڵێک دەستەی پەیوەندیدار پێناسە دەکرێت کە بەکاردەهێنرێن بۆ گروپکردنی داتاکان لەسەر بنەمای لەیەکچوون. پۆلێنکردن بنەمایەکە بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاری لە بوارە ئامارییە جیاوازەکاندا، وەک: چالاکیی ئابووری، بەرهەمهێنان، خەرجییەکان، کار، تەندروستی و هتد. پۆلێنکردن, داتا و زانیاریەکان لە دەستەیەکی مانادار کۆدەکرێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئاماری بەسوود. پێویستە کۆکردنەوەی زانیارییەکان ورد و سیستماتیکی بێت و بەپێی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانیان ڕێکبخرێن بۆ ئەوەی ئامارەکان جێی متمانە بن و بتوانرێت لەگەڵ یەکتر بەراورد بکرێن. بۆ کۆکردنەوەی نرخی خانووبەرە, خانووبەرە بۆ سێ کەرتی سەرەکی پۆلێنکران کە بریتین لەم کەرتانەی خوارەوە:

- کەرتی نیشتەجێبوون: پێکدێت لە پارچە زەوییەکی نیشتەجێبوون، بینای نیشتەجێبوون (ڤێلا، شوقە، یان خانوو).
- کەرتی بازرگانی: پێکدێت لە پارچە زەوییەکی بازرگانی، بینایەکی بازرگانی، پێشانگە (دوکان)، یان ناوەندێکی بازرگانی.
- کەرتی کشتوکاڵ: پێکدێت لە زەوییە کشتوکاڵییەکان.

**تێبینی**: ئەم ڕووپێوە تەنها کەرتی نیشتەجێبوون دەگرێتەوە.

## کێشکردن (گرنگی رێژەیی)


کێشەکان بە پشتبەستن بە بەهای مامەڵەی خانووبەرە بۆ هەریەک لەو پۆلێنانەی (زەوی، خانوو، شوقە)  کە ژمارەی پێوانەیی پێکدەهێنن لە هەر پارێزگایەك لە ساڵیبنەرەتدا دیارکراون. پۆلێنەکە بە شێوەی خوارەوەیە.




هەر پۆلێنێك لە 11 کۆمەڵەی ڕووبەری جیاواز پێکدێت (50- 75م$^2$ , 100 – 75م$^2$ ... )

ئاست :

- بەرز
- ناوەند
- نزم





هەرئاستێك لە پۆلێنی خوارەوە پێکدێت :


- زەوی
- کەرتی نیشتەجێبوون (خانوو، شوقە)

## پوشڤی ڕووپێو


**شوێنی ڕووپێو:** ڕووپێوی ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە هەندێک ناوچەی ئیداری هەرێمی کوردستانی دەگرێتەوە کە بە شێوەی خوارەوە دابەش کراوە:




**کاتی ڕووپێو :** نیوەی یەکەم و دووەمی ساڵ لەخۆ دەگرێت وەك وێنەی خوارەوە :



پێکهاتەی ڕووپێوەکە: لە ژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاری و پۆلێنکردنانەی کە لە لایەن بەشی زەوی و ڕووپێوەوە پەسەندکراون، پێکهاتەی خوارەوە بەکار هاتووە بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوی ژمارەی پێوانەیی نرخی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستاندا.




دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەم ڕووپێوە بە شێوەی PDF لە ماڵپەڕی فەرمی خۆی و پلاتفۆرمە جۆراوجۆرەکانی سۆشیال میدیا بڵاودەکاتەوە بۆ سوودوەرگرتن لە لایەن هەموو بەکارهێنەران و ئەوانەی لە بواری نرخی خانووبەرەن.

## دەرنجامەکان


### شیکردنەوەی پێوانەیی **نرخی زەوی** لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2022 ***بە پێی ساڵی*** بنە رە ت (نیوەی دووەمی ساڵی 2020)

1) لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی گەیشتە 125.3 و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2021 (113.4) بە ڕێژەی 10.5% زیادی کردووە.


2) لە نیوەی دووەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی گەیشتە 126.3 و بە ڕێژەی 0.8% بەرزبوونەوە نیشان دەدات .

3) ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە ساڵی 2022 گەیشتە 125.8 و بە بەراورد بە ساڵی 2021 بە ڕێژەی 12.1 % بەرزبوونەوە نیشان دەدات.

*هێلکاری 1: ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2022 بە پشتبەستن بە ساڵی بنە رە ت*



*هێلکاری 2: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان و عێراق (ناوەند ، باشور) لە ساڵی 2022 و 2021 بە پێی ساڵی بنەڕەت*



ژمارەی پێوانەیی ***نرخی زە وی*** لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2022 ***بە پێی ساڵی بنەڕەت***(نیوەی دووەمی ساڵی 2021)

پارێزگای هەولێر

1) بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی 133.1 بووە و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بەڕێژەی 5.7% بەرز بووە.

2) لە نیوەی دووەمی ساڵی 2022 ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی گەیشتە 134.9 کە بە ڕێژەی 1.4% بەرزبوونەوە نیشان دەدات بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022.

3) ژمارەی پێوانەیی نرخی زە وی بۆ ساڵی2022 گەیشتە 134.0 بە بەراورد بە ساڵی2021 بەرزبوونەوە نیشان دەدات بەڕێژەی10.1%.

پارێزگای سلێمانی

1) بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی زە وی 121.5 و بە ڕێژەی 5.2% بەرزبوونەوە نیشان دەدات بە بەراورد نیوەی دووەم ساڵی 2021 .

2) بۆ نیوەی دووەمی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی گەیشتە 123.8 و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 (121.5) بە ڕێژەی 1.9% بەرز بووەتەوە.

3) ژمارەی پێوانەیی نرخی زە وی لە ساڵی 2022 گەیشتە 122.7 و بە ڕێژەی 6.1% بەرزبوونەوە نیشان دەدات بە بەراوردبە ساڵی 2021 .


پارێزگای دهوك

1) بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی زە وی 121.3 بووە و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بەڕێژەی 22.9% بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە.

2) بۆ نیوەی دووەم، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی گەیشتە 120.2 و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 بە ڕێژەی 0.9% دابەزیوە.

3) ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە ساڵی 2022 گەیشتە120.7 بە بەراورد بە ساڵی 2021 بەڕێژەی 21.7% بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە

*هێلکاری 3: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی سەدی گۆڕانی ساڵانەی نرخی زەوی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021 و 2022 بە پێی ساڵ بنەرەت*




*خشتەی 1: ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی2022 بە پێی ساڵی بنەرەت*

| پارێزگا | نیوەی یەکەم 2022 | نیوەی دووەم 2021 | ڕێژەی گۆڕان% |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 133.1 | 125.9 | 5.7 |
| سلێمانی | 121.5 | 115.5 | 5.2 |
| دهوك | 121.3 | 98.7 | 22.9 |
| هەرێمی کوردستان | 125.3 | 113.4 | 10.5 |
| پارێزگاکانی ناوەند | 131.3 | 112.4 | 16.8 |
| پارێزگاکانی باشور | 113.7 | 102.4 | 11.0 |
| عێراق | 121.5 | 107.6 | 12.9 |

*خشتەی 2: ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی بۆ نیوەی دووەمی ساڵی2022 بە پێی ساڵی بنەرەت*

| پارێزگا | نیوەی دووەم 2022 | نیوەی یەکەم 2022 | ڕێژەی گۆڕان % |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 134.9 | 133.1 | 1.4 |
| سلێمانی | 123.8 | 121.5 | 1.9 |
| دهوك | 120.2 | 121.3 | -0.9 |
| هەرێمی کوردستان | 126.3 | 125.3 | 0.8 |
| پارێزگاكانی ناوەند | 138.0 | 131.3 | 5.1 |
| پارێزگاكانی باشور | 121.7 | 113.7 | 7.0 |
| عێراق | 127.9 | 121.5 | 5.3 |

*خشتەی 3: ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی بۆ نیوەی دووەمی ساڵی2022 بە پێی ساڵی بنەرەت*

| پارێزگا | ساڵی 2022 | ساڵی 2021 | ڕێژەی گۆڕان% |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 134.0 | 121.7 | 10.1 |
| سلێمانی | 122.7 | 115.6 | 6.1 |
| دهوك | 120.7 | 99.2 | 21.7 |
| هەرێمی کوردستان | 125.8 | 112.2 | 12.1 |
| پارێزگاكانی ناوەند | 134.6 | 111.4 | 20.8 |
| پارێزگاكانی باشور | 117.6 | 101.8 | 15.5 |
| عێراق | 124.7 | 106.8 | 16.8 |


ژمارەی پێوانەی نرخی **کەرتی نیشتەجێبوون** لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2022 ***بە پێی ساڵی بنەڕەت*** (نیوەی دووەمی ساڵی 2020)

1) بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون 119.4 بووە و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2021 (115.9) بەڕێژەی 3.0% بەرز بووە.


2) بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون گەیشتە 122.1 و بە ڕێژەی 2.3% بەرزبوونەوە نیشان دەدات بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022.

3) ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە ساڵی 2022 گەیشتە 120.7

*هێلکاری 4: ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بۆ نیوەی یەکەم و دووەمی ساڵی 2022 بە پێی ساڵی بنەڕەت*




*هێلکاری 5: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی سەدی گۆڕانی ساڵانەی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان و عێراق (ناوەند، باشور) بۆ ساڵانی 2022 و 2021*



## ژمارەی پێوانەیی ***نرخی شوێنی نیشتەجێبوون*** لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2022 ***بە پێی ساڵی بنەڕەت*** (نیوەی دووەمی ساڵی 2020)

### پارێزگای هەولێر

1) بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون گەیشتە 139.2 و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بە ڕێژەی 11.4% بەرزبوونەوە نیشان دەدات.

2) لە نیوەی دووەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگای هەولێر 140.7 بووە و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 بە ڕێژەی 1.1% زیادبوون نیشان دەدات.

3) ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە ساڵی 2022 گەیشتە 140.0 بە بەراورد بە ساڵی 2021 بە ڕێژەی 12.8% بەرزبوونەوە نیشان دەدات

### پارێزگای سلێمانی

1) بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون 98.4 تۆمارکردووە و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بە ڕێژەی 14.4% کەمی کردووە.

2) لە نیوەی دووەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگای سلێمانی گەیشتە 98.42 و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 (98.4) بە ڕێژەی 0.02% بەرز بووەتەوە.

3) ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە ساڵی 2022 گەیشتە 98.4 و بە بەراورد بە ساڵی 2021 بە ڕێژەی 14.9% کەمی کردووە.


### پارێزگای دهوك

1) بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون گەیشتە 120.5 و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بە ڕێژەی 11.9% بەرزبوونەوە نیشان دەدات.

2) بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون گەیشتە 127.1 و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 بە ڕێژەی 5.5% زیادی کردووە.

3) ، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە ساڵی 2022گەیشتە 123.7 بە بەراورد بە ساڵی 2021 بە ڕێژەی 18.9% بەرزبوونەوە نیشان دەدات.

*هێلکاری 6: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی سەدی گۆڕانی ساڵانەی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2022 و 2021 بە پێی ساڵی بنەرەت*




*خشتەی 4: ژمارەی پێوانەیی نرخی کەرتی نیشتەجێبوون بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی2022 بە پێی ساڵی بنەرەت ئاستی*

| پارێزگا | نیوەی یەکەم 2022 | نیوەی دووەم 2021 | ڕێژەی گۆڕان% |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 139.2 | 124.9 | 11.4 |
| سلێمانی | 98.4 | 115.0 | -14.4 |
| دهوک | 120.5 | 107.7 | 11.9 |
| هەرێمی کوردستان | 119.4 | 115.9 | 3.0 |
| پارێزگاکانی ناوەند | 129.1 | 109.9 | 17.5 |
| پارێزگاکانی باشور | 112.4 | 102.1 | 10.1 |
| عێراق | 119.2 | 107.0 | 11.4 |

*خشتەی 5: ژمارەی پێوانەیی نرخی کەرتی نیشتەجێبوون بۆ نیوەی دووەمی ساڵی2022 بە پێی ساڵی بنەرەت*

| پارێزگا | نیوەی دووەم 2022 | نیوەی یەکەم 2022 | ڕێژەی گۆڕان% |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 140.7 | 139.2 | 1.1 |
| سلێمانی | 98.42 | 98.4 | 0.02 |
| دهوك | 127.1 | 120.5 | 5.5 |
| هەرێمی کوردستان | 122.1 | 119.4 | 2.3 |
| پارێزگاکانی ناوەند | 135.8 | 129.1 | 5.2 |
| پارێزگاکانی باشور | 117.1 | 112.4 | 4.2 |
| عێراق | 124.2 | 119.2 | 4.2 |

*خشتەی 6: ژمارەی پێوانەیی نرخی کەرتی نیشتەجێبوون بۆ ساڵی 2021 بە پێی ساڵی بنەرەت*

| پارێزگا | ساڵی 2022 | ساڵی 2021 | ڕێژەی گۆڕان % |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 140.0 | 124.1 | 12.8 |
| سلێمانی | 98.4 | 115.6 | -14.9 |
| دهوك | 123.7 | 104.0 | 18.9 |
| هەرێمی کوردستان | 120.7 | 114.5 | 5.4 |
| پارێزگاکانی ناوەند | 132.4 | 109.3 | 21.1 |
| پارێزگاکانی باشور | 114.7 | 101.4 | 13.1 |
| عێراق | 121.7 | 106.2 | 14.6 |


**شیکردنەوەی** ژمارەی پێوانەیی **نرخی زەوی** لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2022 لەسەر بنەمای **جۆڵاو**

1) بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، بە پێی بنەمای جۆڵاو (period-on-period bases) ، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان گەیشتە 111.2 و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بە ڕێژەی 9.1% بەرز بووەتەوە.


2) بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2022، بە پێی بنەمای جۆڵاو، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی گەیشتە 100.8 و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 بە ڕێژەی 9.4% دابەزیوە.

3) ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە ساڵی 2022 گەیشتە 105.9 بە بەراورد بە ساڵی 2021 بە ڕێژەی 0.5% دابەزیوە.

*هێلکاری 7: ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ ساڵی 2022*



*هێلکاری 8: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی نرخی زەوی لە هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ ساڵی 2022*




## ژمارەی پێوانەیی ***نرخی زەوی*** لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2022 لەسەر ***بنەمای جۆڵاو***

### پارێزگای هەولێر

1) لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی 105.6 بووە و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بە ڕێژەی 1.2% نزم بووەتەوە.

2) لە نیوەی دووەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لەسەر بنەمای جۆڵاو گەیشتە 101.4 و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 بە ڕێژەی 4.0% دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە.

3) ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە ساڵی 2022 گەیشتە 103.5 بە بەراورد بە ساڵی 2021 بە ڕێژەی 7.8% نزم بووەتەوە.

### پارێزگای سلێمانی

1) لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی 105.1 بووە و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بە ڕێژەی5.3% بەرزبووەتەوە.

2) لە نیوەی دووەمی ساڵی 2022، بە پێی بنەمای جۆڵاو، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی گەیشتە 101.9 و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 بە ڕێژەی 3.0% دابەزینی بەخۆیەوە بینی.

3) ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە ساڵی 2022 گەیشتە 103.5 بە بەراورد بە ساڵی 2021 بە ڕێژەی3.7% دابەزینی بەخۆیەوە بینی


## پارێزگای دهوك

1) بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی گەیشتە 123.0 و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بە ڕێژەی 24.2% بەرز بووەتەوە.

2) بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2022، لەسەر بنەمای جوڵاو، ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی گەیشتە 99.1 کە بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 بە ڕێژەی 19.4% دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە.

3) ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی لە ساڵی 2022 گەیشتە 110.4 بە بەراورد بە ساڵی 2021 بە ڕێژەی 11.1% بەرز بووەتەوە

*هێلکاری 9: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی سەدی گۆڕانی ساڵانەی نرخی زەوی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای جوڵاو بۆ ساڵی 2022*



*خشتەی 7: ژمارەی پێوانەی نرخی زەوی لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی2022*

| پارێزگا | نیوەی یەکەمی 2022 | نیوەی دووەمی 2021 | ڕێژەی گۆڕان% |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 105.6 | 106.9 | -1.2 |
| سلێمانی | 105.1 | 99.8 | 5.3 |
| دهوك | 123.0 | 99.0 | 24.2 |
| هەرێمی کوردستان | 111.2 | 101.9 | 9.1 |
| پارێزگاکانی ناوەند | 114.9 | 101.9 | 12.8 |
| پارێزگاکانی باشور | 110.9 | 101.1 | 9.7 |
| عێراق | 112.3 | 101.5 | 10.6 |

*خشتەی 8: ژمارەی پێوانەی نرخی زەوی لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ نیوەی دووەمی ساڵی2022*

| پارێزگا | نیوەی دووەم 2022 | نیوەی یەکەم 2022 | ڕێژەی گۆڕان % |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 101.4 | 105.6 | -4.0 |
| سلێمانی | 101.9 | 105.1 | -3.0 |
| دهوك | 99.1 | 123.0 | -19.4 |
| هەرێمی کوردستان | 100.8 | 111.2 | -9.4 |
| پارێزگاکانی ناوەند | 106.7 | 114.9 | -7.1 |
| پارێزگاکانی باشور | 107.2 | 110.9 | -3.3 |
| عێراق | 106.0 | 112.3 | -5.6 |

*خشتەی 9: ژمارەی پێوانەیی ساڵانەی نرخی زەوی لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ ساڵی 2022*

| پارێزگا | ساڵی 2022 | ساڵی 2021 | ڕێژەی گۆڕان% |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 103.5 | 112.2 | -7.8 |
| سلێمانی | 103.5 | 107.5 | -3.7 |
| دهوك | 110.4 | 99.4 | 11.1 |
| هەرێمی کوردستان | 105.9 | 106.4 | -0.5 |
| پارێزگاکانی ناوەند | 110.7 | 106.1 | 4.3 |
| پارێزگاکانی باشور | 109.0 | 101.1 | 7.8 |
| عێراق | 109.1 | 103.7 | 5.2 |


## ژمارەی پێوانەیی نرخی ***شوێنی نیشتەجێبوون*** لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2022 لەسەر ***بنەمای جۆڵاو***

1) لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان گەیشتە 103.0 و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بەڕێژەی 0.6% بەرز بووەتەوە.


2) لە نیوەی دووەمی ساڵی 2022، لەسەر بنەمای جۆڵاو, ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون گەیشتە 102.2 و بە ڕێژەی 0.8% دابەزین نیشان دەدات بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 .

3) ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە ساڵی 2022 گەیشتە 102.6 بە بەراورد بە ساڵی 2021 بەڕێژەی 4.7% دابەزین نیشان دەدات.

*هێلکاری 10: ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای جۆڵاو لە ساڵی 2022*




*هێلکاری 11: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان و عێراق (ناوەند، باشور) لە سەر بنەمای جۆڵاو لە ساڵی 2022*



## ژمارەی پێوانەیی ***نرخی شوێنی نیشتەجێبوون*** لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2022 لەسەر ***بنەمای جۆڵاو***

### پارێزگای هەولێر

1) لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگای هەولێر گەیشتە 111.6 و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بە ڕێژەی 10.1% بەرز بووەتەوە.

2) لە نیوەی دووەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای جۆڵاو گەیشتە 101.9 و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 بەڕێژەی 8.7% دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە.

3) ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە ساڵی 2022 گەیشتە 106.6 بە بەراورد بە ساڵی 2021 بە ڕێژەی 4.7% دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە.

### پارێزگای سلێمانی

1) لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون گەیشتە 84.9 و بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی2021 بە ڕێژەی 13.8% نزم بووەتەوە.

2) بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2022ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون گەیشتە 99.1 کە بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی 2022 بە ڕێژەی 16.7% بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە.

3) ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە ساڵی 2022 گەیشتە 91.7 بە بەراورد بە ساڵی2021 بە ڕێژەی 14.2% نزم بووەتەوە.


### پارێزگای دهوك

1) لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون گەیشتە 112.5 کە بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2021 بەڕێژەی 4.9% زیادی کردووە.

2) بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2022 ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون گەیشتە 105.5 و بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی 2022 بەڕێژەی 6.2% نزم بووەتەوە.

3) ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە ساڵی 2022 گەیشتە 109.0 بە بەراورد بە ساڵی 2021 بەڕێژەی 5.1% زیادی کردووە.

*هێلکاری 12: ژمارەی پێوانەیی و ڕێژەی گۆڕانی سالأنەی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە سەر بنەمای جۆلأو لە ساڵی 2022*




*خشتەی 10: ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای جۆلأو بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022*

| پارێزگا | نیوەی یەکەم 2022 | نیوەی دووەم 2021 | ڕێژەی گۆڕان % |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 111.6 | 101.4 | 10.1 |
| سلێمانی | 84.9 | 98.5 | -13.8 |
| دهوك | 112.5 | 107.2 | 4.9 |
| هەرێمی کوردستان | 103.0 | 102.4 | 0.6 |
| پارێزگاکانی ناوەند | 116.3 | 101.0 | 15.1 |
| پارێزگاکانی باشور | 110.5 | 101.2 | 9.2 |
| عێراق | 111.2 | 101.4 | 9.7 |

*خشتەی 11: ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای جۆڵاو بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2022*

| پارێزگا | نیوەی دووەم 2022 | نیوەی یەکەم 2022 | ڕێژەی گۆڕان% |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 101.9 | 111.6 | -8.7 |
| سلێمانی | 99.1 | 84.9 | 16.7 |
| دهوك | 105.5 | 112.5 | -6.2 |
| هەرێمی کوردستان | 102.2 | 103.0 | -0.8 |
| پارێزگاکانی ناوەند | 107.2 | 116.3 | -7.8 |
| پارێزگاکانی باشور | 104.2 | 110.5 | -5.7 |
| عێراق | 104.9 | 111.2 | -5.7 |

ڕاپۆرتی ساڵانەی ژمارەی پێوانەیی نرخی زەوی و شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2022

*خشتەی 12: ژمارەی پێوانەیی نرخی شوێنی نیشتەجێبوون لە ساڵی2022 بە پێی بنەمای جۆڵاو*

| پارێزگا | ساڵی 2022 | ساڵی 2021 | ڕێژەی گۆڕان % |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 106.6 | 111.8 | -4.7 |
| سلێمانی | 91.7 | 106.9 | -14.2 |
| دهوك | 109.0 | 103.7 | 5.1 |
| هەرێمی کوردستان | 102.6 | 107.7 | -4.7 |
| پارێزگاکانی ناوەند | 111.7 | 104.9 | 6.5 |
| پارێزگاکانی باشور | 107.3 | 100.9 | 6.3 |
| عێراق | 108.0 | 103.4 | 4.4 |

وەزارەتی پلاندانان - دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

www.krso.gov.krd